گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# سەرواسازی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٧٠- ١٩٩٠)

**م. زانیار سالح عەلی**
بەشی کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی گەرمیان، شاری کەلار، هەرێمی کوردستان/عێراق
Zanyar.salih@garmian.edu.krd

**پ.د. عوسمان حەمەد خدر دەشتی**
بەشی کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی کۆیە، شاری کۆیە، هەرێمی کوردستان/ عێراق
Osman.hamad@koyauniversity.org

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:** ٢٠٢٢/١١/٢٠
**پەسەندکردن:** ٢٠٢٣/١/١٧
**بڵاو کردنەوە:** زستانی ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Rhyme, Stanza, Modern poetry, Parallelism, Rhetoric.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.5.3

## پوختە

لەزۆربەی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ئاواز و مۆسیقای شیعریین، بابەتی سەروا کەرۆڵێکی بەرچاوی لەئاهەنگدارکردنی دێڕ بەتایبەتی و دەقی شیعریی بەگشتیدا هەیە، بەتێکەڵی لەگەڵ بابەتی کێشدا، بەدروستکەری ئاوازی دەرەوەی شیعر دانراون، لەم توێژینەوەیەدا بە لەبەرچاوگرتنی فۆرمە نوێیەکانی شیعری هاوچەرخ، وەک دوو بابەتی جیا لەیەک باسیاندەکەین، ئەویش لەبەرئەوەی سەروا لەڕووی بەکارهێنانەوە لەم قۆناغەدا برەوەی جارانی نییە، هاوشێوەی شیعریی لەقۆناغی کلاسیک و نوێدا بەکارنەهاتووە، هەروەها لەم قۆناغەدا سەروا وەک پاشکۆی کێش مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو وەک یەکەیەکی جیا لەبابەتی کێش هاتۆتە ناوەوە، بەو پێیەی سیستەمی قاڵب و فۆرمە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە بەتەواوەتی لە شیعری قۆناغەکانی پێشووتری ئەدەبەکەمان جیایە، ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوە ئەوەیە کە هەندێ لەڕەخنەگران و خوێنەرانی دەقی شیعری لەو باوەڕەدان شیعری هاوچەرخ سەروای تێدا نییە، ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش دەبێتە وەڵامێک بۆ ئەو بۆ چوونانە و لەگەڵ ئەوەشدا شێوازەکانی سەرواسازی شیعری هاوچەرخ نیشان دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

ئاواز و ڕەگەزەکانی، بەدرێژایی مێژووی دەقی شیعریی یەکەیەکی هاوشان و هاوپەیوەندن بەشیعرەوە و لێی دانەبڕاون، هاوشان لەگەڵ وێنەی شیعریدا لەبنیاتنانی دەقدا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، لەم توێژینەوەیەدا بەناونیشانی سەروا لەشیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٧٠- ١٩٩٠، تیشک خراوەتەسەر یەکێک لەو یەکە و لایەنە ئاوازەییانەی لەئاهەنگدارکردنی دەقی شیعری کوردیدا کە ئەویش سەروایە و جێگە و پێگەی خۆی هەیە، شیعری کوردی لەزۆرترین باردا و لەزۆربەی قۆناغەکانیدا لەتەنیش کێش و یەکە ئاوازەییەکانی تر سوودی لێ بینیوە بۆ ئاوازی شیعریی، هەر قۆناغێکیش بۆ خۆی شێوە و فۆرم و قاڵبی جۆربەجۆری لێ بەکارهێناوە، ئێمە لەم توێژینەوەیەدا نامانەوێ باس لەو فۆرمە سەروایانە بکەین، کە لەشیعری قۆناغەکانی پێشووتردا باس و خواستی زۆریان لەسەر کراوە، بەڵکو لەئەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە باس لەسەروای شیعری هاوچەرخ و شێوەکانی بەکارهێنانی بکرێت، بەپێی بۆچوونە تازەکانیش لەتوێژینەوەی نەتەوەکانی تر باس لە کەرەستە و هونەرە ڕەوانبێژییانە بکرێت کە لەخزمەتی سەرواسازیدان و لەژێر مەداری ناونیشانێکی لەم جۆرەدا شوێنیان بۆ دەبێتەوە، توێژینەوەکەش خۆی لەدوو بەشدا دەبینێتەوە، بەشی یەکەم هەندێ تێڕوانینی تیۆری بۆ سەروا و چەمک و زاراوەکەیەتی لەئەدەبیاتی نەتەوەکاندا، هەرچی بەشی دووەمە تەکنیک و قاڵبەکانی سەروا و ئەو شێوازانەی لەخزمەتی سەرواسازی شیعری هاوچەرخدان نیشاندراون بەنموونەی شیعری شاعیرانی ئەو ماوەیەی بۆ توێژینەوەکەمان دیاریکراوە، لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لەگەڵ پوختە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراوە، لەبنەڕەتیشدا ئەم توێژینەوەیە، یەکێکە لەباسەکانی توێژینەوەیەکی ئاستی دکتۆرا لەسەر شیعری هاوچەرخی کوردی و لەقۆناغی تەواوبووندایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ١- چەردەیەک دەربارەی سەروا

## ١-١ چەمک و زاراوەی سەروا

لەڕووی زاراوەوە، لەزمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Rhyme) و لەزمانی عەرەبیدا (القافیة) و لەزمانی فارسیشدا هەمان زاراوە عەرەبییەکەی بۆ بەکاردەهێنرێت، لەهەندێ لەتوێژینەوەکانیشدا (موسیقی کناری) بەکاردەهێنن، کە مەبەست ئاوازی لاتەنیشتەکانە و هەر سەروا بەرجەستەی دەکات، لەکوردیشدا زاراوەی (سەروا) بەتەواوەتی چەسپیوە، لەزمانی ئینگلیزیدا سەروا لەسەر بنەمای سترێس دادەنرێت و (پێکهاتووە لەدووبارەبوونەوەی هەندێک دەنگ، کە لەکۆتا بزوێن کە سترێسی دەچێتەسەر دەست پێدەکات تادەگاتە کۆتایی وشەکان، بەمەرجێ هاودەنگ بن( abrams, 2009, 273)، لەئەدەبی عەرەبیشدا بەلای (الاخفش)ەوە سەروا بریتییە لەوشەی کۆتایی دێڕ و لای (خەلیلی فەراهیدی) لە دوو دەنگی وستاو(ساکن)ی کۆتایی و بزواو(متحرک)ەکەی نێوانیان، لەگەڵ دەنگی بزواوی پێش وەستاوەکان، درووست دەبێت(احمد، ٢٠٢٠، ١٨٧٥)، لە (معجم المصطلحات الأدبیة)دا پێناسەکەی فەراهیدی بەجۆرێکی تر دارێژراوەتەوە کە دەڵێت: سەروا کۆمەڵێک دەنگی کۆتایی دێڕە شیعرەکانی قەسیدەیە کەشاعیران پێوەی پابەندن، یان دەڵێن سەروا کۆتا دەنگی بزواوی دێڕە تا نزیکترین دەنگی وەستاو و دەنگی پێش وەستاوەکەیە(نصار، ٢٠١١، ٢٥٥)، سەروا لەڕوانگەی ڕەخنەگرانی کوردیشەوە چەندین پێناسەی بۆکراوە، هەندێک لەپێناسەکان بە (وشە، پیت، چەند پیتێک) کەدەکەونە کۆتایی دێڕەکانەوە ناویان هێناوە(عەلی، ٢٠١٥، ٤٥-٤٦)، لەو نێو ئەو پێناسانەشدا (شێخ نووری شێخ ساڵح) دەڵێت: (سەروا لەکۆتایی هەموو دێڕێکدا لەنێوان برگەی کۆتاییدا بەشێوەی هاودەنگی دەربڕی هاوئاهەنگییە)(م.نوری، ١٩٢٦، ژ٢٨)، ئەم بۆچوونەی شێخ نووری، کە لەڕوانگەی دەنگ و هاودەنگییەوە بۆ سەروا چووە، بۆچوونێکی زۆر درووستە، چونکە شیعر هەمیشە وەک یەکەیەکی دەنگی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەوهۆیەی کەرەستەی گۆرانی و خوێندنەوەیە بەدەنگ، بەڵام دیاریکردنی شوێن(برگەی کۆتایی) گرفت بۆ سەروا درووست دەکات، لەبەرئەوەی مەرج نییە لەنێوان برگەی کۆتاییدا بێت، بەڵکو دەکرێت سەروا هەر خۆی لەدوو برگەیان زیاتر پێکهاتبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی وشەکانی زمان بەتەنها لەبرگەیەک پێک نەهاتوون، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندییە دەنگییانەی سەروا هەیەتی دەتوانین بڵێین بریتییە لە دەنگێک

یان کۆمەڵەدەنگێک کەدەکەونە کۆتایی نیوەدێڕ و دێڕەکانی شیعرەوە بەژمارەی جیاجیاوە و بەشێوەی جۆراوجۆر و بەپێی بنیاتی دەق و قۆناغەکانی دەق توانای کشانی هەیە.

### ١-٢ بەهای سەروا

سەبارەت بەگرنگی سەروا لەشیعری کوردی و نەتەوەکانی تردا زۆر بیروبۆچوون هەن کەپێویستی و ناپێوستی ئەم یەکە ئاوازەییە ڕوون دەکەنەوە، ئەو بۆچوونانەش هەریەکە و بەپێ قۆناغی ئەدەبی و فۆرم و قاڵبەکانی شیعر دەربڕاوە، چونکە بەلای ئەوانەی کەسەروا پێویستییە و شیعر بەبێ سەروا درووست نابێت، ئەوەیە کە لەڕوانگەی دەقی کلاسیکییەوە هەڵسەنگاندیان بۆ دەقی شیعری کردووە، ئەوانەشی پێیان وایە سەروا پێویستی بنەڕەتی نییە لەڕوانگەی فۆرمی نوێی شیعرەوە بۆ باسەکە چوون، هەروەها دەبێت سەرنجمان لای ئەوەبێت کە تایبەتمەندی ئاوازەیی لەدەقی شیعرییدا لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت بەپێی ئەو قۆناغانەی کەڕێڕەوی ئەدەبەکەیانی پێدا تێپەڕیوە.

لەئەدەبی ئینگلیزیدا لەکۆندا سەروا نەبووە بەڵکو ئەوەی جێگەی سەروای بۆ شیعریان پڕکردووەتەوە دیاردەی هاونەبزوێنی (alliteration) سەرەتای دێڕ بووە کە هونەرێکی زۆر کۆنە و لەسەروا کۆنترە... پاشان دوای (شکسپیر) سنوور و جۆری سەروا بەبڕگە دیاریکراوە، زاراوەی تاک بڕگە و جووت بڕگە و سێ بڕگەش بەکارهاتووە(گەردی، ١٩٩٩، ٧٤)، هەر لەکۆندا جۆرێکی تری شیعری ئینگلیزی هەبووە بەناوی شیعری سپی (blank verse)، کە تایبەتمەندی ئەم شیعرە ئەوەیە بەکێشی (ئەیامبیک)ی پێنج پێیی و بەبێ هەبوونی سەروا بنیات دەنرێت و هارمۆنییەکی ناوەکی هەیە، لەڕووی بنیاتیشەوە جیاوازی لەگەڵ شیعری قاڵبداردا ئەوەیە دێڕەکانی کورت و درێژن و چەند دێڕێکی بەشێوەی پاراگرافێکی شیعریی ڕێکدەخرێت، کەچی لەشیعری قاڵبداردا لەسەر بنەمای دێڕ(دوو نیوەدێڕی هاوتا) دەنوسرێت، هەروەها لەبری شێوازی پارەگرافیی بەشێوەی بەندن(طاوسی، ١٣٩٣، ١٩-٢٠)، دوابەدوای شیعری سپی لەشیعری ئازادیشدا بنیاتی ئاوازەیی دەقەکانیان پێویستی نەبەکێش و نەبەسەروا بووە، ئەمە بۆ نەتەوەیەکی تری ڕۆژئاوایی وەک فەرەنسی بەوجۆرە نییە، هەرچەندە لەکۆندا سەروایان نەبووە، هاوبزوێنی (assonance)

باوبووە(گەردی، ١٩٩٩، ٧٥)، بەڵام لەشیعری قۆناغەکانی دواتریاندا بەوپەڕی بایەخەوە لەسەروایان ڕوانیوە و (ڤۆڵتێر) دەڵێت: (ئیتالیایی و ئینگلیزەکان دەکرێت چاوپۆشی لەسەروا بکەن.. هەر زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە.. ئێمەی فەرەنسی پێویستییەکی بنەڕەتیمان هەیە بەوەی هەندێ دەنگی تایبەت لەجێگەی دیاریکراودا دووبارە بکەینەوە تاوەکو شیعرەکانمان لەگەڵ پەخشاندا هاوشێوە نەبن، شێوازی خوێندنەوەی شیعری ئیتالی و ئینگلیزی لەڕێگەی بڕگە کورت و درێژەکانەوە بەسە بۆ ئەوەی پێویستیی ئاوازەییان بەدەست بهێنن، ئەم تایبەتمەندییە کە لەشیعری ئێمەدا نییە و توانای بەکارهێنانی سەروا کە سروشتی زمانەکەمان پێی بەخشیوین بۆچی دەست بەرداری بین و بەکاری نەهێنین)(خانلری، ١٣٨٦، ١٨).

ڕەخنەگران و شاعیرانی عەرەبیش بەپێی قۆناغەکانی ئەدەبەکەیان چەندین بیروبۆچوونی بەنرخیان لەم ڕووەوە خستووەتەڕوو کەهەندێکیان پێیان وایە سەروا پێویستییەکی گرنگە (ابن رشیق) پێی وایە ئەگەر شاعیر سەروای شیعر نەزانێ و نەناسێ و پێش نووسینی شیعر ئامادەکاری بۆ نەکردبێ، باشتر وایە شیعرەکەی نەنووسێت (کدکنی، ١٣٨٥، ١٧٠)، هەروەها (ابو هلال عسکری) هاوڕای بۆچوونی پێشتر دەڵێت: هەرکاتێک بتەوێ شیعر بنووسی واتاکان لەمێشکی خۆتدا ئامادە بکە و پاشان کێش و سەروای گونجاوی بۆ هەڵبژێرە ، چونکە هەندێ واتا بەهۆی ئاهەنگی سەرواکانەوە دەتوانن باشتر کاریگەری درووست بکەن(کدکنی، ١٣٨٥، ١٧٠)، لەئەدەبی هاوچەرخی عەرەبیشدا کە لەڕێگەی چەند گرووپ و کۆمەڵەیەکی نوێخوازییەوە لەناوخۆ و دەرەوە بەکاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی شیعری عەرەبییان نوێکردەوە، بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە شیعری عەرەبی پێویستی بەسەروا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەقە شیعرییەکانیان دابڕاو نەبوو لەم یەکە ئاوازەییە، بەڵکو پەیڕەوییان لەو شێوازەی بەکارهێنانی سەروا نەدەکرد کە لەشیعری کلاسیکی و قاڵبداردا پەیڕەو دەکرا.

سەبارەت گرنگی و پێویستی سەروا لەشیعری کوردیدا وەک یەکەیەک لەبنیاتی ئاوازەیی (مارف خەزنەدار) لەتوێژینەوەکەیدا دەربارەی کێش و سەروای شیعری کوردی دەڵێت:((قافیە مەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ شیعری کوردی، شیعری کوردی ئەوەی لەبەردەستماندایە هیچ یەکێکی ئەم مەرجەی فەرامۆش نەکردووە))(خزندار، ١٩٦٢، ٥٦)، ئەم بۆچوونەی خەزنەدار

لەڕوانگەی شیعری کوردی لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاساڵی توێژینەوەکەی بووە و بۆچوونەکەی ڕاست و درووستە و مەبەستەکەی بۆ شیعری ستوونی(قاڵبدار) بووە، لەپاش ئەم ماوەیە و لەشیعری قۆناغی هاوچەرخدا فۆرمی شیعر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئیتر لێرەوە دەقەکان لەسەر بنەمای دێڕی یەکسان و قاڵبی ئامادەوە دەگۆڕێن بەپارچە شیعری کورت و مامناوەند و درێژ، سەروا بەو شێوەیەی پێشتر بەکاردەهات بەتەواوی گۆڕا، لەم قۆناغەدا لەبری شێوازی سەروای کۆن جۆرێک لەسەروا بەشێوەی ناوەناوە(متناوب) کەپەیڕەوی لەهیچ یاسایەکی پێشوەختە ناکات، بەکارهاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیرانی هاوچەرخ لەبری سەروا پشتیان بەجۆرێک لەڕیتم و دووبارەکردنەوە بەهەموو جۆرەکانیەوە بینیوە وەک قەرەبووکردنەوەی ئەو یەکەیە، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین بڵێین شیعری هاوچەرخی کوردی سەروای بەتەواوەتی بەلاوە ناوە، چونکە لەنێو دەقەکانی قۆناغەکەدا کەم و زۆر شێوەیەک لەشێوەکانی سەروا هەر بوونی هەیە، بەلەبەرچاوگرتنی دەقی شیعری قۆناغەکە ئەو بابەتانەی سەروا و ئەو بابەتانەشی لەخزمەت سەروادان دەخەینەڕوو.

## ٢- فۆرمەکانی سەرواسازی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٧٠ – ١٩٩٠

### ٢-١ سەروای یەکگرتوو:

مەبەست لەو جۆرە سەروایەیە کە بەدرێژایی دەق لەسەرەتاوە تاکۆتایی شۆڕدەبێتەوە، ئەم جۆرە سەروایە لەو دەقە شیعرییاندا هەن، کە بنیاتەکەیان دێڕی دوو نیوەدێرییە و قاڵبی دیاریکراویان هەیە وەک: غەزەل و پارچە و قەسیدە و تەرکیببەند ...هتد، وەک ئاشکرایە شیعری قۆناغی هاوچەرخ هەرخۆی وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ شیعری قۆناغەکانی پێشوو هاتووەتەئارا و پەیڕەوی لەهیچ یاسا و کۆت و بەندێکی پێشوەختە ناکات بۆ دەق، هەربۆیە ئەم شێوازە لەبەکارهێنانی سەروا زۆر دەگمەنە لەقۆناغەکەدا، وەک ئاشکرایە هیچ قۆناغێکی ئەدەبی، چ لەئەدەبی کوردیدا یان هی نەتەوەکانی تر لەکات و ساتێکی دیاریکراودا نەکۆتایی پێهاتووە و نەهاتووەتە ئارا، لەم ماوەیەی بۆ توێژینەوەکەمان دیاریکراوە چەندین دەق هەن لەسەر ڕێ و شوێنی سەروای یەکگرتوو بنیات نراون، بەڵام نەدەقەکان دەچنە ژێر مەداری دەقی هاوچەرخەوە و نە شاعیرەکانیشیان سەربەگرووپ و کۆمەڵە نوێخوازییەکانی ئەدەبی هاوچەرخن، بۆیە بەباشمان زانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەقی ئەو شاعیرانە تێکەڵ بەتوێژینەوەکەمان نەکەین، ئەگەر دەقێکیش ئەم شێوازەی تێدا پەیڕەو کرابێت بەجۆرێک لەجۆرەکان لادانێک لەشێوازە کۆنەکەی سەروای یەکگرتووی هەرتێدایە، لەنێو دەقی شیعری شاعیرانی قۆناغەکەشدا تەنها دەقێکی (عەبدوڵا پەشێو) هەیە لەم شێوە سەروایەی تێدا بەکارهاتبێت، ئەمەش نموونەیەک لەدەقەکە:

ئەم دنیایە لە هوندوڕی جەنگەڵ دەکا
شێی نەفەسبڕ
ڕەگی بوونم گەندەڵ دەکا
بگرەوبەردەی نابڕێتەوە
هەر تەنیایی
چرای هزر و خۆ بینینم بۆ هەڵدەکا (پەشێو، ٢٠٠٨، ٢٦).

بەبڕوای ئێمە ئەم دەقە لەبنەڕەتدا لەسەرکێشی (١٢)برگەیی بنیات نراوە و بنیاتەکەی دێڕی تەواو (دوونیوەدێڕی)، بەڵام ئەو فۆرمەی ئێستە لەنێو دیوانەکەدایە دەقەکەی لەسەر بنەمای پێی (٤)برگەیی ڕێکخستووە، دەقەکە گەر پێیەکانی لەیەک بدرێن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێتە دەقێکی هاوشێوەی غەزەلی کلاسیکی.

ئەم دنیایە لە هوندوڕی جەنگەڵ دەکا
شێی نەفەسبڕ ڕەگی بوونم گەندەڵ دەکا
بگرەوبەردەی نابڕێتەوە هەر تەنیایی
چرای هزر و خۆ بینینم بۆ هەڵدەکا.

ئەگەر بەم شێوەیە دابنرێت کە دەقەکە خۆی (١٠) دێڕە، پێنج دێڕیان وەک ئەوانەی سەرەوە لەسەر بنەمای پێیە و پێنج لەدێڕەکانی تر بەشێوەی دوو نیوەدێڕی ڕێکخراوە، دەبێتە غەزەلێک لەسەرکێشی دوازدە برگەیی، سەروای هەموو دێڕەکان (ەڵ)ە و وشەی (دەکا) پاشسەروایە و لەتەواوی دێڕەکاندا لەکۆتاییەوە هاتووە، وشەکانی سەروا لەدێڕەکانی تردا پێکهاتووە لە (لەگەڵ، خەزەڵ، چەپەڵ، زیتەڵ، کەفەڵ، کۆتەڵ، تێکەڵ، دووکەڵ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢-٢ سەرواى هەمەڕەنگ :**

مەبەست لەسەرواى هەمەڕەنگ هەموو ئەو جۆرە سەروایانە دەگرێتەوە کە نابنە بەشێک لەسەرواى یەکگرتوو، وەک پارچە شیعری مەسنەوی و تاک و سێینە و چوارینە ...هتد، جگە لەو شیعرانەی قاڵبدارن، هەموو ئەودەقانەی شیعری هاوچەرخ کە بنەماکەیان پێیە یان بەشێوەی پەخشانەشیعر و پاراگرافی شیعریی بنیات نراون لەقۆناغەکەدا دەگرێتەوە، ئەمانەش چەند جۆرێکی سەرواى هەمەڕەنگن، کە لەقۆناغەکەدا برەوی هەیە:

**٢-٢-١ سەرواى مەسنەوی(جووت سەروا):**

مەبەست لەم جۆرە سەروایە ئەوەیە، دەقەکە لەسەر بنەمای دێڕبێت و هەردوو نیوەدێڕەکەی دێڕێک یەک سەروایان هەبێت، لەم جۆرە سەروایە لەشیعری هاوچەرخدا لای هەندێ لەشاعیران بەدی دەکرێت، کە بەلای ئێمەوە مانەوەی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی سەروا لەدەقی قۆناغەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری قۆناغی پێشوو کەبەکارهێنانەکەی زۆر باوی هەبووە، لەڕووی ژمارەوە دەقەکانیان زۆر نین، بەڵام بە بەراورد بەسەرواى یەکگرتوو زیاترە، یەکێک لەو شاعیرانەی کە ئەم سەروایەی بەکارهێناوە لەبنیاتی چەند دەقێکیدا ئەوە (لەتیف هەڵمەت)ە و جگە لەم لای (پەشێو)یش دەبینرێت، ئەمەش نموونەیەک لەم جۆرە سەروایە:

شەوانێ بوو لەترۆپکی لاوێتیمدا
تاسەی کچێک گڕ بوو لەتوێی جەرگ و سیمدا
هەرچم هەبوو لەهۆنراوە لەبزەی گیانێ
گشتیم دەدا بەماچێکی کچێکی جوانێ ...      (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥٥٤).

ئەم دەقە پێک هاتووە لە نۆ دێڕ واتە هەژدە نیوەدێڕ هەر دێڕەی سەرواى تایبەتی خۆی هەیە وشەکانی سەروا لەدێڕەکانی تردا ئەمانەن(زمانم-جوانم، هاوسەرەکەم-تەڕەکەم، هاوڕێمە-گوێمە، هەناودایە-چاودایە، لەشە-هەڵەشە، بەلەنگازم-بنازم، شۆر-خۆر).

**٢-٢-٢ تاک:**

بریتییە لەپارچە شیعرێکی دوو نیوەدێڕی، یان هەردوو نیوەکە هاوسەروان، یاخود جیاوازن، لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی وای بۆ دەچن دەقێکی سەربەخۆیە و لەڕووی ناوەڕۆکەوە قسەیەکی نەستەق یان پەندێکی پێشینان و بیرێکی دانایانەیە، کەدەکرێت بەهەردوو کێشی عەرووزی یان برگەیی بنووسرێ، یان دەکرێت لەبنەڕەتدا بنیاتی دەقێکی درێژ بێت و بەهەر هۆکارێک، تەواو نەکرابێت، لەشیعری قۆناغی توێژینەوەکەی ئێمە ئەم قاڵبە شیعرییە وەک دەقێکی سەربەخۆ نابینرێت(عەلی، ٢٠١٥، ١٨٦-١٨٧)، ئەوەندە هەیە تەنها لای (جەمال شارباژێڕی) لەنێو (دیوانی ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ) لەتەنیشت ئەو چوارین و شەشینانەی کە لەبەرهەمەکەیدا هەن جاربەجارێک دێڕێکی تاک هەیە و سەرجەمیشیان بەکێشی (١٠)بڕگەیین و سەروای هەردوو نیوەدێڕەکەشیان وەک یەکە، هەروەها بەپێوەری ڕەخنەیی یەکێتی بابەت هیچیان نابنە دەقی تاک و سەربەخۆنین، ئەمەش نمونەی یەکێکیان:

کورد ئەڵێ قسەش قسە ئەهێنێ
فەرامۆشکردن سەر ئەشێوێنێ (شارباژێڕی، ١٩٨٥، ٥٤).

**٢-٢-٣ سێینە:**

تەکنیکێکی قاڵبە شیعری ئیتالییە و پارچە شیعرێکی بچووکە، کە لەسێ نیوەدێڕ پێکهاتووە، یان دەکرێت لەدەقێکدا کەبەسەر کۆپلەی سێیندا دابەشکرابێت، یان دەکرێت لەناو دەقێکی پارچەداردا بێت و پارچەکانی سێینەکان هەموویان یەکسان بن، بەسەروای جۆراوجۆر بنیات دەنرێت(گەردی، ١٩٩٩، ١٩٨-١٩٩)، لەشیعری هاوچەرخدا بەدوو شێواز بەردەستە، شێوازی یەکەم: دەقەکە دەقێکی سەربەخۆیە و هەر تەنها لە سێ نیوە دێڕ پێک هاتووە، وەک دەقی (چراووگ) ی (ئەنوەر قادر) کە سێ نیوەدێڕە و بەکێشی (٨)بڕگەیی و سەروای (أ ب أ) نووسیویەتی:

شەوی ساباڵخ بەنسێیە
خوێنی قازی چراوگێکە
نیشاندەری ڕاستە ڕێیە (محەمەد، ٢٠١٨، ١٢٩).

یان هەندێ جار دەقەکە بەسەر چەند کۆپلەیەکدا دابەشبووە، بەڵام لەڕووی کێشەوە لەتەکانی هاوکێش نین، وەک دەقی (ئاگردان)ی (لەتیف هەڵمەت) کە لەسێ سێینە پێکهاتووە کێشی لەتەکانی جیاوازە، سەروای کۆپلەی یەکەم و دووەمی (أ ب ب)یە و سەروای سێیەمی (أ ب أ)ە، ئەمەش کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەیە:

کەشاعیرێک لەزستانی گەردووندا شیعری خۆی أ
وشە وشە هەمووی دەکات بە ئاگردان ب
هەژارانی هەموو زەوی لەلای دەبن بەمیوان ب (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥٦٦).

### ٤-٢-٢ چوارین و چوارینە:

دوو فۆرمی جیاوازی دەقی شیعریین، کە لەڕواڵەتدا لەیەکچوونێک لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام لەڕووی واتاوە جیاوازن، هەرچی (چوارین)ە دەقێکی سەربەخۆیە و پێکهاتووە لەچوار نیوەدێڕ و لەبنەڕەتدا بەکێشی عەرووزیی(هەزەج یان لقەکانی) دەنووسرێت، هەرچەندە لای شاعیرانی کورد جگە لەهەزەج بە ڕەمەل و کێشی بڕگەییش هەیە، (چوارینە یان چوارینەبەند یان چوارخشتەکی)یش دەقێکی دوور و درێژە و بەسەرچەند کۆپلەیەکی چوارنیوەدێڕیدا دابەش بووە، لەڕووی کێشەوە دەکرێت بەهەر جۆرێک لەجۆرەکانی کێش بنیات بنرێ، لەهەندێ لەسەرچاوەکاندا هەردوو بابەتەکە پێکەوە باسدەکرێن، (عەزیز گەردی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چوارینە پارچەیەکی چوار لەتییە کێش و سەروای خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر، زۆرجاریش پارچەیەکە لەهۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچووک دەگەیەنێ لەچوارچێوەی بیری گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە، ئەمەیان بەچوارخشتەکی ناوبراوە))(گەردی، ١٩٩٩، ٢٠٤). ئەوەی چوارین و چوارینەوە بەیەکەوە گرێ دەدات و بۆ ئێمە جێی بایەخە بەکارهێنانی شێوەکانی سەروایە تێیاندا، لەشیعری هاوچەرخدا هەردوو بابەتەکە لای بەشێک لەشاعیران دەبینرێت و سەرجەمیشیان بەکێشی بڕگەیی بنیات نراون. هەروەها زۆرترین بەکارهێنانەکان چوارینەیە و چوارین بەدەگمەن نەبێت بەکارنەهاتووە ئەوەی کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەیە لای (پەشێو و ئەنوەر قادر) هەریەکەیان یەک دانەی کەوتۆتە ماوەی توێژینەوەکەمانەوە، کەسەروای هەردووکیان (أ ب ج ب)ە،(پەشێو، ٢٠٠٨، ٥٨) و (محەمەد، ٢٠١٨، ١٧٣)، بەڵام ئەو دەقانەی کە چوارینەیان تێدایە، چ بەوشێوەی سەرتاپای دەقەکە کۆپلەی چوارینە بێت و چ لەنێو ئەو دەقانەی کە بنیاتێکی تێکەڵیان هەیە لەڕووی بەکارهێنانی کۆپلەوە، چەند شێوەیەک بەرچاو دەکەوێت، نموونەشیان لای شاعیران(شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێڕی، لەتیف هەڵمەت، محەمەد عومەر عوسمان، ڕەفیق سابیر، عەبدوڵا پەشێو، ئەنوەر قادر) بەردەستە بەسەروای جۆراوجۆرەوە، ئەمەش چەند نموونەیەک لەشێوازەکانی سەروای چوارینە:

- أ ب ج ب

ئەوی بەڕووتی لەشەختە و زوقما
لەگۆ نەکەوێ نەوەرێ پەنجەی
لەسەرما ناگا و گۆرانی ناڵێ
بۆ بڵێسە و گڕ بۆ لار و لەنجەی (عوسمان، ٢٠١١، ١١٠).

- أ أ ب أ

خۆشترین بۆن بۆنی خاکی جێ زای منە
جوانترن خۆر خەندەی گەشی لێوی ژنە
ناسازترین دەنگیش زەڕەی گوێدرێژ نییە
ترپە و زرمەی مێخی چەکمەی پێی دوژمنە (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥٢٧).

- أ ب أ ب

ئەو شەوەی قڕگە بوو بەگۆمی خوێن
بناری گۆیژەم سوور سوور هەڵگەڕا
شاری هەڵمەت و قوربانی و بەڵێن
بزە لەلێوی سەد ساڵەی بڕا (بێکەس، ٢٠٠٦، ٢٩٦).

- أ أ ب

ئەگەر دەمزانی هەور لەکوێوە دێ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەکام وڵات و دەریا و زێوە دێ
بەدەستی شیعرم تک تک دەمدزێ
تا تۆ پێی بشۆی پەرچەم و کەزێ (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٥٦٥).

**٢-٢-٥ شەشینە:**

قاڵبە شیعرێکی لەبنەڕەتدا ئیتالییە، کەپێکدێت لە شەش لەتی (١١) بڕگەیی، یان دەقێکی سەربەخۆیە هەروەک چوارین و مانای تەواوی هەیە، یان سەربە دەقێکی پارچەدارە(گەردی، ١٩٩٩، ٢٢٥)، لەکوردیدا و بەتایبەت لەقۆناغی شیعری نوێدا زۆر برەوی هەبوو، لەشیعری هاوچەرخیشدا ناوەناوە لای شاعیران بەدی دەکرێت، لەڕووی کێش و سەرواوە لەکوردیدا مەرجی بەکارهێنانی نییە، دەکرێت بەهەرکێشێک و هەرقاڵبە سەروایەک بنیات بنرێت، لەم قۆناغەدا لای (پەشێو) لەو دەقانەی بنیاتی تێکەڵیان لەقاڵبی سەروا هەیە بەدی دەکرێت و سەرواى (أ ب ج هـ د ج) ی هەیە(دیوانی هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ٢٠٠٨، ١٤)، وەک ئەوەیە دوو سێینە لێکدرابن، کە لەلەتی سێیەمیاندا هاوسەروابن، هەروەها (لەتیف هەڵمەت) دەقی (هەڵبەستێک بەناو ڕەگی تەمەنا)ی بەم قاڵبە هۆنیوەتەوە، کەپێکهاتووە لەسێ شەشینە و سەرواکەشیان (أ ب أ ب أ ب) و (أ ب ج ب ج ب) و (أ ب ج ب د ب)یە (دیوانی لەتیف هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٩- ٣٠)، هەروەها (جەمال شارباژێڕی)ی ئەم قاڵبەی بەکارهێناوە لەدیوانی (ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ) کەبنیاتێکی تێکەڵی هەیە و کۆی دیوانەکەی چوارینەیە و چەند تاکێک و چەند شەشینەیەکی تێکەوتووە، شەشینەکانیشی هەموویان جووت سەروان، ئەمەش نموونەیی یەکێکیان:

(حەمەلاو) لاوی مشکی مۆری لاڕ أ
بەدوو لاجانگا ڕیشووی بێنە خواڕ أ
بەمەرجێ خانم بۆ هەڵبەستبێ ب
پەیمانێکیشی لەگەڵ بەستبێ ب
نەیگۆڕێتەوە بەکوڕی پاشا ج
(دایکی حەوتیش بێ بۆی بکا حاشا ج (شارباژێڕی، ١٩٨٥، ١٢٩).

**٢-٢-٦ حەوتینە:**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکدێت لەحەوت نیوەدێڕ، پارچەیەکی سەربەخۆیە یان سەربە دەقێکی کۆپلەییە، کێشی دیاریکراوی نییە، واتە دەکرێت بەهەر کێشێک بنووسرێت، لەڕووی سەرواشەوە چەندین جۆرە بەکارهێنانی هەیە، (عەزیز گەردی) پێنج جۆری بەکارهێنانی سەروای لێ دیاریکردووە(گەردی، ١٩٩٩، ٢٣٧-٢٤٠)، لەشیعری هاوچەرخدا لای (پەشێو) لەدەقی (بۆ قەرەجێک) کە پێکهاتووە لەسێ پارچە شیعر پارچەی یەکەمی حەوتینەیە و سەرواکەی (أ ب ج د هـ و د)ە(دیوانی هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، ٢٠٠٨، ١٥)، لای (لەتیف هەڵمەت)یش لەدەقی (لقی هەتاو) کە سێ چوارینە و یەک حەوتینەیە، بەکارهاتووە، سەروای ئەم دوو حەوتینە جیاوازن لەو جۆرانەی کە (گەردی) دیاریکردوون، ئەمەش نموونەکەی لەتیف هەڵمەت:

وشەکانم دروست ئەکەم ئەبەو خوێنە أ
کە لەشەوی شەپۆل دری شارەکەما ب
لەناو جەرگەی بەندیخانە هارەکەما ب
لەئەلبوومی بیرەوەری یارەکەما ب
لەسەر پەڕەی نەبەزینی گەلانا ج
لەقوڵایی خۆشەویستی دڵانا ج
بۆ خەبات و سەرفرازی بوو بەوێنە أ (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٨).

**٢-٢-٧ سەروای ئازاد:**

وەک ئاشکرایە لەقۆناغی کلاسیک و نوێدا دەقی شیعری بەگشتی لەسەر بنەمای دێڕ و نیوەدێڕەکان، سەروای بۆ دانراوە و سیستەم و یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، هەر لادانێک لەو سیستەمە جۆرێک نەگونجان(نشاز)ی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئەو فۆرمەی کە بووەتە مۆدێل و شێوازی شیعریی لەقۆناغی هاوچەرخدا پابەندی هیچ یاسا و ڕێسا و کۆت و بەندێکی پێشوەختە نەبووە و نابێت، بۆیە لەزۆر جێگە و شوێندا وەک دەقی ئازاد لەبەکارهێنانی یەکە ئاوازەییەکاندا و بەتایبەت سەروا، باسی لێوە دەکرێت، لەڕاستیشدا بەکارنەهێنانی سەروا بەو جۆرە نییە وەک دەوترێت، بەڵکو کەمترین دەق هەیە، بەبێ بوونی سەروا بنیات نرابێت، ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە لەشیعری قۆناغەکەد و بەبەرچاو ڕوونی ئەو دەقانەی لەبەردەستدان، دەتوانین بڵێین بە نزیککراوەیی لە ٩٥%

ی دەقەکان سەروایان تێدا بەکارهاتووە و بەدەگمەن نەبێت دەقی بێ سەروامان نییە، هەرچەندە ئەودەقانەی سەروادارن پێڕەوی لەسیستمی قاڵبداری ناکەن، بەڵکو بەشێوەی ناوەناوە(متناوب) یان هەندێ جار لەدوای چەند دێڕێک سەروا بەکارهاتووە، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی چ لەدەقە درێژەکان (قەسیدەی هاوچەرخ) و پارچە شیعری مامناوەند و هەروەها لە کورتە شیعرەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە، بەو پێیەی (مشتێ نموونەی خەرمانێکە) لێرەدا بۆ دیاریکردنی سەروا بەشێکی کورت لەهەر سێ شێوەکەی سەرەوە وەردەگرین:

قاچەکانم هەڵمناگرن
چ هەوایەکی بۆگەنە
مێژوویەکی چەند چڵکنە
چ سەردەمێکی بۆگەنە
هێڵنجم دێت
ئەم گیاندانە دوایی نایە
هێڵنجم دێت
ئەم سووتانە سەرەتایە (سابیر، ٢٠١٤، ٥٤٧).

ئەم چەند دێڕە شیعرە بەشێکە لەقەسیدەی (لاوکی هەڵەبجە)ی شاعیر، وەک دەبینرێت سەروا لەهەندێ لەدێڕەکانیدا بەدوای یەک و لەهەندێکی تریدا بەشێوەی ناوەناوە هاتووە.

ڕێگە چۆڵکەن هەستنە سەرپێ!
وا ئەسپێکی سپی یاڵ سوور
لەپێدەشتی کەرکووکەوە
ئەحیلێنێ و بۆ ئێرە دێ
ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ مارۆی گەرمیانم!
ئەوەی بەفر و
گڕو شەپۆلی ناسیبێ
ئەوەی شمشێری برووسکە و

باو بۆرانی کێوی دیبێ

تۆ ئەناسێ (بێکەس، ٢٠٠٦، ٣١٦).

ئەم چەند دێرە بەشێکە لەپارچە شیعرێکی مامناوەندی شاعیر بەناونیشانی (کوڕی بابەگوڕگوڕ)، دەنگی/ێ/ وەک سەروا لەکۆتایی دێڕی یەکەم و چوارەم و حەوتەم ونۆیەم و دەیەمدا هاتووە، لەدەقەکەدا جار هەیە بەدوای یەکدا لەدوو دێڕدا دەرکەوتووە و جاریش هەیە لەدووای دوو یان سێ دێڕدا دەرکەوتووە.

وەکو تیشکی بەیانیی دوای بەفرب‌ارین

چاوم پڕکە لەبریسکە

دڵەکەم ڕۆشنکەرەوە

دەوەرەوە!

با وەک ڕێژنەی نەوبەهارێ

داباریمە ئاوەنیای لەشی نیانت

وەک دەریایەک سەوداسەر بێ

بئاڵێمە دوورگەی مەست و شەنگی گیانت (محەمەد، ٢٠١٨، ٢٠٤).

ئەم پارچە شیعرە دەقێکی سەربەخۆیە و پارچەیەکی کورتی دەقی (تەنیایی)ی (ئەنوەر قادر)ە، وەک دەبینین لێرەشدا سەروا لەکۆتایی دێرەکانیدا هەیە و بەهەمان شێوەی جۆرە دەقەکانی تر هەست بەترپەی ئاوازەکەی دەکرێت، ئەوەی کە جێی سەرنجە و پێویستە لەگەڵ ئەم باسەدا ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، بۆ سوود وەرگرتن لەئاوازی سەروا و بەکارهێنانی لەلایەن شاعیرانی قۆناغەکەوە، بەسەرنجدانمان لەدەقە شیعرییەکانیان تێبینی ئەوە دەکەین، لای هەندێکیان سەروا زۆر جێی بایەخە و بەڕێژەی زیاد لەهەندێکی تریان بەکاریهێناوە، بۆ نموونە (لەتیف هەڵمەت) بەدەگمەن دەقێک یان بەشە دەقێکی هەیە کە زۆر سوودی لەسەروا نەبینیبێ، ئەمە بۆ بەشێک لەدەقەکانی شێرکۆ بێکەس و زۆرترین دەقەکانی پەشێو و جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم هەر درووستە، بەڵام ئەو سوود وەرگرتنە لەسەروا و بەکارهێنانی بەڕێژەیەکی زۆر لای قوبادی جەلی زادە و فەرهاد شاکەلی و نەوزاد ڕەفعەت و سەباح ڕەنجدەر و ئەنوەر قادر نابینرێت، لەهەمانکاتدا

زۆر و کەمی بەکارهێنانەکەشی لای هەریەکەیان لەوی تر جیاوازە، هەرئەوەشە تایبەتمەندی شێوازیی بۆ هەریەکەیان درووست کردووە و هەروەها تایبەتمەندی شێوازیی بۆ قۆناغەکە و جیاوازی لەگەڵ قۆناغەکانی تردا بەرهەم هێناوە.

## ٢-٣ هەندێ هونەری ڕەوانبێژی لەخزمەت بابەتی سەرواسازیدا:

هەروەک چۆن پێشتر لەباسی ئاوازی ناوەوەدا گوتمان هەندێ لەهونەرەکانی جوانکاری و بەتایبەت ئەو هونەرانەی مەرجی دووبارەکردنەوەی وشەییان هەبوو جا چ بەهەمان واتا یان واتای جیاواز، لەخزمەت ئاوازی ناوەوەی دەقی شیعریدا ڕۆڵیان هەیە، هەربەو جۆرەش هەندێ لەهونەرەکانی ڕەوانبێژی لەخزمەت بابەتی سەروادا ڕۆڵیان هەیە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

### ٢-٣-١ کەرتکردن:

هونەرێکی جوانکارییە شاعیران بەمەبەستی ڕازاندنەوەی دەق بەکاریدەهێنن، تیایدا دێڕی شیعر بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەکەن، هەربەشێک لەگەڵ بەشەکانی تردا زۆرجار هاوکێش و هاوسەروان، جاری وا هەیە دێڕەکە(هەردوو نیوەدێڕەکە) دەکرێتە چوار یان شەش یان زیاتر، بەشەوە، لەشیعری هاوچەرخدا ئەو شێوازە کۆنە(تەقلیدی)ی ئەم هونەرە لەشیعری قۆناغەکانی کلاسیک یان نوێدا هەیبووە، بەو جۆرە نییە، ئەوەش دیارە وەک تایبەتمەندی قۆناغ و داهێنانی شیعریی، لای شاعیرانی هاوچەرخ گۆڕانی بەسەردا هاتووە،

لەشیعری کلاسیکیدا چونکە دێڕەکان لەسەربنەمای دوو نیوەدێڕی و پێی هاوشێوەی عەرووزی بنیات دەنران کەرتەکانی شیعر لەڕووی سەرواداری و کێشەوە، هاوسەروا و هاوکێشیش بوون، بۆ نموونە (مەلای جزیری) دەڵێت:

من دی سەحەر/ شاهی مەجەر/ لبسی د بەر/ مەخموور بوو

ئەو دیم زەری/ سور مشتەری / یارەب پەری/ یاحوور بوو (جزیری، ٢٠٠٥، ٢٨٩).

دەقەکە لەسەر کێشی (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مفعولن)ە، کە دەکاتە (ڕەجەزی هەشتی مەقتووع)، کەرتەکانی هەریەکەیان پێیەکی (مستفعلن)ە و لەهەر نیوەدێڕێکدا سیانیی یەمی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوسەروایە، سەروای هەردوو کەرتی کۆتاییش کە عەرووز و زەربەکەیە هاوکێش وهاوسەروان و لەگەڵ سەروای تەواوی دەقەکەدا یەکدەگرنەوە.

ئەم شێوازە لەهونەری کەرتکردن لەشیعری هاوچەرخدا بەدی ناکرێت، لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم شیعری هاوچەرخ لەسەر بنەمای پێ دانراوە، دووەم دێڕی هاوکێشی تەریب زۆر بەدەگمەن تیایدا دەبینرێت، سێەم ناباوی ئەو شێوازە کلاسیکییە. ئەوەی لەشیعری هاوچەرخدا دەبینرێت کەرتکردنە لەسەر بنەمای خوێندنەوە و ناوەناوەش پەیڕەوکردنی هاوسەروایی و کەرتەکان، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لە شێوەکانی کەرتکردن لەم قۆناغەدا:

ا/ کەرتکردن لەسەر بنەمای پێ و شێوازی خوێندنەوە، وەک:

دەتوانین وابکەین
دەریای هار/ وەک ئاسمان/ هێمن بێ
ئاسمانیش/ وەک دەریا/ بێ بن بێ (پەشێو، ٢٠٠٢، ٧٠).

ئەو کەرتانەی شیعرەکە جگە لەدوو کەرتی کۆتایی کە هاوسەروان کەرتەکانی تر سەروایان ڕێک نییە و هەریەکەیان سێ برگەیە، بەڵام وەک ئەوەی سەروابن لەکۆتایی هەریەکەیاندا وەستانێک هەیە.

ب/ کەرتکردن لەسەر بنەمای هاوکێشی و هاو سەروایی، لەشیعری ئازاددا، وەک:

هەر ئەو خوێنە
فڕۆکەمە
دەبابەمە
بازۆکامە
کاتیۆشامە (بێکەس، ٢٠٠٦، ٤٠٢).

لەم شیعرەدا کەرتەکان هەریەکەیان پێیەکی چوار برگەییە و لەهەمانکاتیشدا هەریەکەیان دێڕێکە، (فڕۆکەمە، دەبابەمە) لە(ەمە)دا هاوسەروان، هەروەها (بازۆکامە، کاتیۆشامە) لە(امە)دا هاوسەروان.

پ/ کەرتکردنی ناڕێک، وەک:

دڵم جێی گشت شتێکی تیا دەبێتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خوا شەیتان
زەوی ئاسمان
تۆ
شیعر
دارستان
گوڵ درک شاخ بیابان (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٤٤١).

ئەم کەرتکردنە لەکاتی خوێندنەوەدا زۆر بەجوانی هەست بەکەرتەکانی دەکرێت و بەشێکیان هاوکێش و هاوسەروان وەک (شەیتان، ئاسمان) دووبڕگەیین، (دارستان، بیابان)سێ بڕگەیین، هەرچواریشیان (ان) بووەتە سەروا بۆیان، بەڵام هەریەکە لەکەرتەکانی تر هەرچەندە هاوکێش و هاوسەروای ئەمان نین، کەچی بەئاسانی هەست بەسەربەخۆ بوونی کەرتەکانی دەکرێت.

ت/ کەرتکردن لەڕێگەی ئامرازە لێکدەرەکانەوە، وەک:

من هەورێکی کەڵەگەتم دەوێ بێت و
دار و بەرد و دەشت و زنار
بەدەستێوە بناڵێنێ (شاکەلی، ٢٠٠٩، ٦٣).

لەم شێوە کەرتکردنەدا ئامرازی لێکدەر(پێکەوەبەستن)ی (و) لەنێوان کەرتەکاندا کە چوار وشەن دانراوە، کە ئامرازەکە لابدرێت زیاتر هەست بەکەرت و بەشەکان دەکرێت، هەریەکە لەسێ کەرتی یەکەم یەک بڕگەن و بەهۆی ئامرازەکەوە بوونەتە دوو بڕگە و هاوکێشی کەرتی کۆتایی بووەتەوە کە خۆی دوو بڕگەیە.

**٢-٣-٢ تصریع:**

تایبەتە بەشیعری قاڵبدار، واتەلەسەر بنەمای دێڕی دوو نیوەدێڕیی درووست دەکرێت، هەر نیوەیەک بۆ خۆی واتای تەواوی هەیە و سەربەخۆی هەیە، یان نیوەی دووەم لەڕووی واتاوە تەواوکەری نیوەی دێڕی یەکەمە، هەروەها دەبێت وشەی کۆتایی هەردوو نیوە دێڕەکە هاوکێش و هاوسەروا بن، لەشیعری کلاسیکیدا لەدێڕی سەرەتای غەزەل و قەسیدەکاندا درووست دەبێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەشیعری مەسنەویشدا دەکرێت لەهەموو دێڕێکدا درووست بکرێت(مستەفا، ٢٠١١، ٢٦٠-٢٦١)، لەشیعری هاوچەرخدا لەبنیاتی ئەو دەقانەی، کەبنیاتی دێڕیان هەیە بەدی دەکرێت، ئەمەش چەند نموونەیەک لەم هونەرە، لای شاعیرانی قۆناغەکە:

سەرم سوڕماوە خوا چۆن تۆی نەخشی
ئەو گشت ئەفسونەی چۆن بەتۆ بەخشی (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٨).

لەم دێڕەدا نیوەی یەکەم بۆخۆی واتای تەواوی هەیە، بەسەرسوڕمانەوە پرسیارێک لەخوا کراوە دەربارەی نەخشاندنی کەسێتیی (تۆ)، هەرچی نیوەی دووەمە وەک وەڵامی نیوەی یەکەم داڕێژراوە، پرسیارکەر(شاعیر) جارێکی تر پرسیارەکە بەجۆرێکی دیکە دەکاتەوە و لەهەمان کاتیشدا وەک وەڵامێک بۆ نیوەی یەکەمە، چونکە نەخشاندنەکە بەپێدانی (گشت ئەفسوون) وەڵام دراوەتەوە، هەروەها وشەکانی (نەخشی، بەخشی) لەڕووی کێش و سەرواوە هاوتان و بەوەش هونەرەکە بەتەواوەتی چەسپاوە.

لەم قۆناغە شیعرییەدا کەمترین دەقی شاعیران بەو شێوە بنیاتەی کە تەرصیع درووست دەکات بەدی دەکرێت، بەڵام لەهەندێک لەو چوارینەیانەی کە بنیاتیان ناوە هونەرەکە لەهەر چوار نیوەدێڕەکەدا دەبینرێت، هەر بۆنموونە:

ئەوان هێشوویەک ئەستێرەی شین بوون
بۆ دوارۆژی کورد ئەجریوانەوە
ئەوانیش کێردی نامەردی و قین بوون
بۆ سەربڕینیان ئەبریسکانەوە (بێکەس، ٢٠٠٦، ١٩٦).

لەم چوارینەیەدا کە دابەش بووە بەسەر (ئەوان، ئەوانیش) کە جێناوی سەربەخۆن بۆ کەسی نادیار(غایب)، وەک دوو کەسی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەرکرێت، دوونیوەدێڕی یەکەم لەڕووی واتاوە سەربەخۆن و دەتوانین وەک یەک گوتراو تەماشای بکەین، هەرچی دوو نیوەکەی کۆتاییە وەک تەواوکەر و بەرانبەرکێکردنی دوونیوەکەی سەرەتا هاتوونە ناوەوە و ئەمانیش وەک گوتراوی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، لەڕووی کێش وسەروایشەوە نیوەی یەکەم و سێیەم لە وشەکانی (شین، قین) و نیوەی دووەم و چوارەم لەوشەکانی (ئەجریوانەوە، ئەبریسکانەوە)

هاوکێش و هاوسەروان، دەتوانین بڵێین زۆربەی چوارینەکانی قۆناغەکە و بەتایبەت ئەوانەی (جەمال شاربازێڕی، محەمەد عومەر عوسمان) ئەم هونەرەیان تێدا دەبینرێت.

**٢-٣-٣ ترصیع:**

هونەرێکی نزیک لە تصریعە، ئەوەیە((دێڕ دابەش بکرێتە سەر چەند وشە و دەستەواژەیەک، ئەم وشە و دەستەواژانە زۆربەیان، یان هیچ نەبێ هەندێکیان لەهەردوو نیوە دێڕەکاندا لەڕووەکانی کێش و سەرواوە وەکو یەک بن، مەرجیش ئەوەیە وشە هاوکێش و سەروادارکراوەکان هاوشوێن بن))(مستەفا، ٢٠١١، ٢٦٦)، لەڕووی بەکارهێنانی سەرواوە لەو دێڕانەی ئەم هونەرە بەدی دەکرێت خوێنەر یان گوێگر هەست بەبوونی چەند جۆرێک لەسەروا دەکات جگە لەسەروای کۆتایی دێڕەکە، ئەم هونەرە لەئەدەبی فارسیدا زۆر جێی بایەخە و لەبارەیەوە دەڵێن: (لەزماندا بەواتای نیشاندانی گەوهەر دێت، وەک نیشاندانی تاج و مۆر(ختم) و پێنووس و گۆچانی ئاڵتوونی و شتی بەنرخی لەم شێوەیانە، لەناو هونەری فارسیدا زۆر بەکارە و بە مرصع سازی و مرصع کاری بەناوبانگە)(همایی، ١٣٨٩، ٤٢)، لەشیعری هاوچەرخدا نموونەی ترصیعی تەواو کە جۆرێکی هونەرەکەیە و دەبێ لەبەرانبەر هەر وشەیەکی نیوەی یەکەم وشەیەکی هاوکێش و هاوسەروا هەبێت، بەرچاومان نەکەوتووە، ئەمەش چەند نموونەیەک، کە ئەم هونەرەیان تێدا بەکارهاتووە.

وەک بروسکە لەنێو هەورا گیرسایەوە
وەک تینووێتی لەنێو ڕۆحدا گەشایەوە (سابیر، ٢٠١٤، ٥١٠).

وشەکانی (وەک، وەک)، (لەنێو، لەنێو)، (هەورا، ڕۆحدا)، (گیرسایەوە، گەشایەوە) هاوکێش و هاوسەروان و هونەرەکەیان درووست کردووە، هەرچەندە دووانیان دووبارەن، هەروەها وشەکانی (بروسکە، تینووێتی) هاوکێشن، بەڵام هاوسەروانین، جار هەیە هونەرەکە تەنها لەیەک وشەدا درووست دەبێت و جگە لەوەش هەموو ئەوانی تر دووبارە کراونەتەوە وەک:

چرم وەکو
جەنگەڵی نیشتمانی تۆ
پرم وەکو

جەنگەڵی نیشتمانی تۆ (پەشێو، ٢٠٠٢، ٦١).

جاری واش هەیە چەند وشەیەکی دووبارە و چەند وشەیەکی هاوکێش و هاوسەروا هونەرەکەیان درووست کردووە، وەک:

هۆ دۆست، هۆ پیر
دەرگایێ
هۆ دۆست، هۆ ژیر
ڕێگایێ (شاکەلی، ٢٠٠٩، ١٣٦).

لەم شیعرەدا چوارجار وشەی (هۆ) و دووجار وشەی (دۆست) دووبارەبووەتەوە، لەبەشی یەکەمی شیعرەکەشدا وشەکانی (پیر، دەرگایێ) بەرانبەرن بەوشەکانی (ژیر، ڕێگایێ) لە بەشی دووەمدا، بەوەش هونەرەکەی درووست کردووە، هەندێ جاریش شاعیر تەنها وشەی کۆتایی دێڕەکان دووبارەدەکاتەوە و ئەوەکانی تر هەموویان وشەی هاوکێش و هاوسەروایان لەبەرانبەردا هەیە، لەم شیعرەی خوارەوەدا گەر بنیاتی دەقەکە ستوونی بوایە دەمانتوانی بڵێین ترصیعی تەواوە، چونکە وشەی(ئەکەن) لەهەردوو بەشەکەدا وەک پاش سەروا مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرا، لەشیعرەکەشدا بەرانبەر هەریەک لە مۆرفیم و وشەکانی (شاخەکان، تفمان، لێ) مۆرفیم و وشەیەکی هاوکێش و هاوسەروا هەن، کە ئەوانیش (دارستان، پشتمان، تێ)، بەوەش هونەری ترصیع درووست بووە.

شاخەکان: تفمان لێ ئەکەن
دارستان: پشتمان تێ ئەکەن (بێکەس، ٢٠٠٦، ٢٣٩).

**٢-٣-٤ هاوتەریبی (پارالالیزم):**

دیاردەی هاوتەریبی وەک دیار[ەیەکی ئەدەبی لەخزمەت لایەنی سەروادا لەنێو توێژینەوەکاندا لەنێوان سێ بابەتی (موازنە، سجع متوازی، سجع متوازن) دا تێکەڵاوییەک درووست دەکات، کە هەریەک لەم بابەتانە جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە، هەندێ لە توێژەران دیاردەی هاوتەریبی بە(سجع متوازی) دەبینن و لەسەر بنەمای پێکهاتەیی زمان دوو جۆر لەهاوتەریبی ئاسۆیی و هاوتەریبی ستونی جیادەکەنەوە، کە هاوتەریبی ئاسۆیی بەلایانەوە پێکهاتەی سینتاکسیی دەربڕاوە

شیعرییەکانە و هاوتەریبی ستوونیش هەمان ئەو دووبارەبوونەوە زمانییانەن لەسەرتاپای دەقەکەدا(میرزا تۆفیق، ٢٠١٢، ٢٠٧-٢٢٦)، سەرواداری هاوتەریب(سجع متوازی) ((ئەوەیە، کە وشەکان لەهەردوو ڕووی کێش و پیتی ڕەویدا جووتبن، لەنموونەی (کار/ بار)، (دست/ شست) و (خامە/نامە)) (صفوی ب١، ٢٠١٨، ٣٢٤).

(عوسمان دەشتی) دیاردەی هاوتەریبی بە موازەنە ناودەبات، لەتوێژینەوەیەکیدا بەناوی (بنەماکانی شیعرییەت لەتێکستی (یادگار و هیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەد دا) بەوەرگرتن لە(محمد عبدالغنی المصری) لەبەرانبەر زاراوەوەی هاوتەریبی (مەوازەنە)ی بەکارهێناوە، هەروەها لەپەراوێزی بابەتی (هاوسەنگی) لەکتێبی (لەزمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، بەرگی دووەم)دا دەڵێت:((وەکو دەبینرێت بەڕێز سەفەوی زاراوەی (هاوسەنگی/توازن)ی لەگەڵ (parallelism) هاوتاکردۆتەوە، لەکاتێکدا ئێمە لامان وایە کە(parallelism) بەواتای (توازی) دێت و زیاتر لەگەڵ (هاوتەریبی/ هاوڕێکی) هاوتایە))، بڕوانە: (دەشتی، ٢٠١٢، ٢٠٤) هەروەها پەراوێزی (صفوی ب٢، ٢٠١٨، ١٩٥). بەلای ئێمەوە زاراوەی مەوازەنە زیاتر بۆ ئەو جۆرە هاوسەنگییانە درووستە کە هاوکێشیی تێدا بێت، هەروەها زاراوەی (توازی) هاوتەریبیش بۆ ئەو بابەتەی کە لەڕوانگەی پێکهاتەیی زمانەوە هاوشێوە و هاوبنیات بن.

لەبنەڕەتدا هاوتەریبی(سجع متوازی (parallelism) دیاردەی دووبارەبوونەوەی ڕستە و پێکهاتەکانە لەئاستە جیاوازەکانی زماندا، هەروەها ((هاوتەریبی جگە لە دروستکردنی بەهای ڕیتمی ئەرکی ئیستاتیکیش لەشیعردا دەگێڕێت. ئەو چێژ و مۆسیقایەی هاوتەریبی لەسەر خوێنەری جێدەهێڵێت زیاتر و زۆرترە لەهەندێک هونەری دیکەی ڕیتمی، چونکە هاوتەریبی هونەرەکانی دیکەش دەگرێتە خۆی، واتە تەنیا هونەرێک لەدروستکردنی هاوتەریبی بەشداری ناکات، چونکە دووبارەکردنەوە زۆرجار وشەی هاوکێش و هاوسەروا، هەروەها هێنانەوەی وشەی هاوئاست و ڕیزکردن و بەرانبەر یەک دانان و گونجاندنیان بەشێوەیەکی هونەری و هاوسەنگ ڕاگرتنیان ئەم هونەرە دەخولقێنن))(محمد، ٢٠١٥، ١١٠-١١١)، (ئەمەل کازم) سێ جۆر لەهاوتەریبی دیاریکردووە:

أ/ هاوتەریبی ڕێزمانی(grammatical parallelism): کاتێک درووست دەبێت کە فۆرمی ڕستەیەک یان دەربڕینێک(گەورەتر لەفرێز و بچووکتر لەڕستە) فۆرمی ڕستەیەکی تر دووبارە بکاتەوە، ئەم جۆرە هاوتەریبییە لەوتار و نوێژ و شیعر و ڕێکلامدا بەکاردەهێنرێت.

ب/ هاوتەریبی دەنگی(sound parallelism): ئەم جۆرەیان تایبەتە بەدووبارەبوونەی دەنگ لەنێو وشەکاندا بەمەبەستی درووستکردنی سەروا و ڕیتم.

ج/ هاوتەریبی واتایی(semantic parallelism): ئەم جۆرەیان کاتێک درووست دەبێت دوو ڕستە هەمان واتایان هەبێت و لەڕووی دارشتە و پێکهاتەوە جیاوازبن لەیەکتر، واتە هەمان زانیاری بەشێوازێکی تر دارێژرابێتەوە.(629-630, 2020, abed) ، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو دەقانەی لەنێو شیعری هاوچەرخدا هەن، ئەم جۆرانەی هاوتەریبی کە زۆر بەڕوونی هەستی پێدەکرێت، بەنموونەوە لەلای شاعیران وەردەگرین:

- هاوتەریبی ڕێزمانی:

جارێکی تر گەر بیست هەڵۆ
نزارێکیان کرد بە دۆست و
دەربەندێکیان کرد بە ئاشنا (بێکەس، ٢٠٠٦، ١٩٣).

لەم شیعرەدا هەردوو ڕستەی (نزارێکیان کرد بە دۆست، دەربەندێکیان کرد بە ئاشنا)دا، هەمان یاسای زمانی بۆ هەردوو ڕستەکە وەک یەکە:

نزارێک+ یان+ کرد+ بە+ دۆست
دەربەندێک+یان+ کرد+ بە+ ئاشنا
بەرکار+ بکەر+ کردار+ئامراز+ تەواوکەر.

- هاوتەریبی دەنگی :

پرشنگێ هەڵبکا لەکەلی ژیانما
تەزێکی پڕ لە تام بهێنێ بەگیانما (هەڵمەت، ٢٠١٤، ١٢).

وشەکانی (گیانما، ژیانما) هاوتەریبی دەنگی تێدا درووست بووە، کە ئەو هاوتەریبییە بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەو چەند دەنگەی هاوبەشە لەنێوان هەردوو وشەکەدا و هاوکات بوونەتە سەروای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دێڕەکە، درووستی کردووە، ئەم جۆرەی هاوتەریبی لەجۆرەکانی تر بەوە جیادەکرێتەوە، زیاتر پەیوەستە بەو مۆسیقا و ئاوازەوە کەسەروا پێشکەشی دەکات.

- هاوتەریبی واتایی:

ئەوان بۆربوون
وەک ئەفسانەن: دەرئەکەون و ون ئەبن
ون ئەبن و دەرئەکەون، تینوویان بوو
لەئەستێرکی چاوی یەک ئەخۆنەوە. (بێکەس، ٢٠٠٦، ١٩١).

لەم دەقەدا هەردوو ڕستەی لێکدراوی (دەرئەکەون و ون ئەبن، ون ئەبن و دەرئەکەون)، لەڕووی واتاوە هەمان واتایان هەیە، بۆهەمان بارووددۆخ لەدەقەکەدا بەکارهاتوون، لەهەمانکاتیشدا هاوتەریبی ڕێزمانیشی تێدایە بەوەی هەریەکەیان (کرداری داڕێژراو +جێناو(بکەر)+ کرداری داڕێژراو+جێناو)ی تێدا بەکارهاتووە.

مەرج نییە هەمیشە دیاردەی هاوتەریبی لەئاستی ئاسۆیی یان دێڕێکدا بێت، جار هەیە ئەم حاڵەتە ئەپەڕێتەوە بۆ ئاستی ستوونی دەق و تەنانەت کۆپلە و پارچەکانی دەق، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی هەرسێ شێوازەکەی هاوتەریبی دەقێک وەردەگرین و ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەردەدەین:

| أ | ب |
|---|---|
| شەوێ نییە | ڕۆژێ نییە |
| پەنجەکانی | ورشەکانی |
| ئازیزی دوور | ئاسۆی سوور |
| لەدەروازەی دڵم نەدا و | باڵی هەناسەم هەڵنەکا و |
| چاوی نوستووی هیواکانم | لانەی مەلی سەرگەردانم |
| لەسەر ڕۆخی خەونەکانا | لەتارمایی یادەکانا |
| هەڵنەسێنێ و | هەڵنەفڕێنێ و |
| نەمباتەوە | نەمکاتەوە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناو کۆڵانی سەرهەڵگرتووی نەخشەی وڵاتێکی سووتووی
کاروانی ئەو ئەستێرانەی ڕێی دوێنێی ئەو پشکۆیانەی
کوژانەوە ناکاوێک دامرکانەوە
نەخێر..بەژنی ئەو مۆمانەی نەخێر.. تەرمی ئەو خۆزگانەی
توانەوە بۆ لای یادیان نەبرانەوە (کەریم، ٢٠٢١، ٣٣-٣٤).

هەردوو باڵی (أ، ب)هەریەکەیان کۆپلەیەکی دەقی (دووری) (جەلالی میرزا کەریم)، کە باڵی (ب) بەدوای (أ)دا هاتووە لەدەقەکەدا، ئێمەش بەمەبەستی دەرخستنی لایەنی هاوتەریبی لەتەنیشت یەک دامان ناون، لەڕوانگەی هاوتەریبی ڕێزمانییەوە جگە لەچەند دێڕێکی کۆتایی هەردوو کۆپلەکە، کە گۆڕانێکی کەمیان تێدایە، ئەوانی تر هەموویان هەمان جۆرە لەبنیاتی زمانیان هەیە، واتە هەردێڕێ دووبارەبوونەوەی باڵی (ب) هەمان فۆرمی زمانی هەیە لە(أ)دا، لەڕوانگەی هاوتەریبی دەنگ وسەرواشەوە جگە لەو سەروایەی لەناوخۆی هەریەکەیاندا کۆپلەکەی لەسەر بنیات نراوە، لەکۆپلەی تەنیشتیدا هەمان شێواز دووبارەبووەتەوە، ئەگەر لەڕووی هاوتەریبی بنیاتی واتاودەلالەتیشەوە تەماشایان بکەین، هەردوو بەشەکە لەخزمەت ناونیشانەکەدان کە(دووری)یە، تەنها کات لەنێوانیاندا جیاوازە و لە(أ)دا شەو و لە(ب)دا ڕۆژە، هەردووکیان تەواوکەری ئەوکاتەن کەشاعیری پێدا تێپەڕ دەبێ، واتە دەربڕی هەمان هەست و شڵەژان و بارودۆخی دەروونین لای شاعیر.

### ٥-٣-٢ دیاردەی دووبارەبوونەوەی جووت وشە(جووت سازی):

یەکێک لەو دیاردانەی لەشیعری هاوچەرخدا زۆر بڵاوە و دەتوانین بڵێین لەبنیاتی زۆرترین دەقەکانیدا بەکارهاتووە، دیاردەی دووبارەبوونەوەی جووت وشەیە، (کورش صفوی) بە (ازدواج) ناوی بردووە و لەبارەیەوە دەڵێت: ((یەکێکە لە لقەبەشەکانی سەرواداری هاوتەریب، کە لە هاونشینی دوو سەرواداری هاوتەریب لەیەک نیوەدێڕدا دەخرێتەڕوو، زۆرترین دووپاتبوونەوەی شێوەی بەکاربردنی ئەم سنعەتە، سوودوەرگرتنە لەبزرۆکەی خستنەپاڵ(کسره اضافه) یاخود واوی پەیوەندی لەنێوان دوو سەرواداری هاوتەریبدا))(صفوی ب١، ٢٠١٨، ٣٢٨-٣٢٩)، دووبارەکردنەوەی دەنگی ناو

وشەکان لەئەم شێوازەدا دەکرێت لەسەرەتا و ناوەند و کۆتایی وشەکانیشەوە بێت، هەروەها لەڕووی ژمارەوە دەکرێت لە دوو وشە زیاتر بێت و لەڕووی دەنگیشەوە دەکرێت دەنگێ یان زیاتر دووبارەکرابێتەوە لەنێو جووت وشەکاندا، ئەمەش چەند فۆرمێک لە شێوازەکانی بەکارهێنانی:

دەنا خۆ خۆت خۆرت دیوە و دەیناسییەوە (شاکەلی، ٢٠٠٩، ١٠٣).

-هەسپەژنی نەرم و نیان (جەلی زادە، ١٩٩٠، ١٨).

-لەمامزی ماندوو ئەچێ (بێکەس، ٢٠٠٦، ١٠٦).

-ئەبێ مشتێ نوقڵی خەمی ترش و شیرین
بۆ ناو زاری تفت و تاڵی
هیواکانیان ببەمەوە (محەمەد، ٢٠١٨، ٣٥).

-پشکۆ و ڕێکەوت دەکات بەیەخەی نەهاتدا (سابیر، ٢٠١٤، ٥٢٩).

-گرێ کوێرەی ڕاز و نیازی بەگوێی وەشتا
دەچرپێنێ. (جەلی زادە، ١٩٩٠، ٨٣).

جگە لەو شێوازانەی سەرەوە دەکرێت بەشێک لەدیاردەی دژیەکی و بەتایبەت دژیەکی نەرێ، لەوشێوەیەی کە هەردوو وشە دژەکە پێکەوە دەردەکەون، بەهۆی پێکەوەهاتنیان لەئاستی ئاسۆییدا، لەژێر چەتری ئەم جووتە وشەیەدا وەک دیاردەیەک لەخزمەت سەرواسازیدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، چونکە جووت وشەکانی(مان و نەمان، برۆ و مەڕۆ، دەخۆم ناخۆم...هتد)، سەرەڕای دژبوونیان لەواتا، بەهۆی دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ لەنێو وشەکاندا، هاودەنگی وجۆرێک لەسەرواسازی لەئاستی ئاسۆییدا بەرهەم دەهێنن .

لەکۆتایی ئەم باسەدا پێویستە ئاماژە بەشتێکی گرنگ بکەین، ئەویش هەبوونی چەند هونەرێکی دیکەی ڕەوانبێژیین، کە لەخزمەتی سەروا و ئاهەنگدارکردنی شیعردا گرنگی بەرچاویان هەیە، وەک (تەسمیط، تطريز، سجع مطرف...هتد)، ئێمەش بەو مەبەستەی لەسنووری توێژینەوەکەمان دەرنەچین و باسەکەمان نەبێتە باسی ڕەوانبێژی کە جۆرێکی لێکۆڵینەوەی شێوازناسی کۆن(تەقلیدی)ە، هەروەها جیاوازی ئەم فۆرمە شیعرییەی لە قۆناغی هاوچەرخدا باوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازە لەفۆرمە کۆنەکانی قۆناغەکانی پێشوو تر، بەباشی دەزانین نەچینە نێو وردەکارییەکانی ئەو بابەتەوە، چونکە خزمەت بەتوێژینەوەکەمان ناکات.

## ئەنجام

**لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەم ئەنجامانە بەدەست هاتوون:**

1. لەشیعری زۆربەی نەتەوەکاندا سەروا پێگەیەکی گرنگی دروستکردنی ئاوازی شیعری لەئەستۆیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی تایبەتمەندی زمانەکان و قۆناغە ئەدەبییەکانیان شێوازی بەکارهێنانی دەگۆڕێت.
2. سەروا لەشیعری کوردیدا، لەتەواوی قۆناغە ئەدەبی و فۆرمە شیعرییەکاندا ڕۆڵی ئاوازەیی خۆی پاراستووە، هەرچەندە گۆڕانێکی زۆر بەسەر بەکارهێنانیدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەناوە هەر سوودی لێ بینراوە بۆ ئاوازدارکردنی دەقەکان، چ قاڵبدار بێت یان بێ قاڵب.
3. سەرەڕای بەجێهێشتنی قۆناغە ئەدەبییەکانی پێشوو، سوود لەهەندێ لەقاڵبە شیعرییەکانی ئەو قۆناغانە بینراوە بۆ بنیاتنانی دەقی ئەدەبی هاوچەرخ، لەو نێوەندەشدا سەروای ئەو قاڵبە شیعریانەیان هاوشێوەی دەقی ئەو قۆناغانە ڕۆڵە ئاوازەییەکەی دەبینێت.
4. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە بنچینەییانەی بەسەر فۆرمی شیعردا هاتووە و بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕۆڵە ئاوازەییەکەی سەروا، لەلایەن شاعیرانەوە سوود لەهەندێ ڕەگەز و هونەری ڕەوانبێژی بینراوە وەک (ترصیع، تصریع، هاوتەریبی، کەرتکردن، جووتسازی...هتد).
5. بەشیک لەو قاڵبانەی سەروا کە لەشیعری نوێ و کلاسیکدا بەکارهاتوون لەشیعری هاوچەرخیشدا بنیاتی بەشێک لەدەقەکان پێکدەهێنێت، وەک تاک و سێیینە و چوارینە و پێنجینە...هتد، بەڵام لەڕووی ڕێژەوە زۆر نین.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:


- بێکەس، شێرکۆ، ٢٠٠٦، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان.
- پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٢، دیوانی دکتۆر عەبدوڵا پەشێو، بێ ناوی چاپخانە، چاپی یەکەم، سوید.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپی سێیەم، هەولێر.
- جزیری، مەلایێ، ٢٠٠٥، دیوانا مەلایێ جزیری، بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، دەزگەها سپیرێزیا چاپ و وەشانێ هەولێر.
- جەلی زادە، قوبادی، ١٩٩٠، تەمتومان، مطبعة اسعد، بغداد.
- خزندار، معروف، ١٩٦٢، کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفاء، بغداد.
- دەشتی، عسمان، 2012، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، بلآوکراوەی ئەکادیمیا، چاپخانەی حاجي هاشم، هەولێر.
- سابیر، ڕەفیق، ٢٠١٤، دیوانی ڕەفیق سابیر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاران، بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
- شاربازێری، جەمال، ١٩٨٥، ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ، مطبعة علاء، بغداد.
- شاکەلی، فەرهاد، ٢٠٠٩، بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- صفوی، کورش، ٢٠١٨، لەزمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- صفوی، کورش، ٢٠١٨، لەزمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی عوسمان دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- عەلی، زانیار سالَح، 2015، بنیاتی ئاوازەیی لەشیعری نوێی کوردیدا 1918-1958، نامةی ماستەر، کۆلیَژی زمان، زانکۆی سلیَمانی.
- عوسمان، محەمەد عومەر، ٢٠١١، لەغوربەتا، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەروا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- کەریم، جەلالی میرزا، ٢٠٢١، ڕێگا دوورەکانی چاومان، چاپخانەی سەردەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- محەمەد، ئەنوەر قادر، ٢٠١٨، زریان زایەڵە زنار نسار، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- محمد، فرمیَسك موسلیح، 2015، مؤسیقای شیعری لەشیعرەکانی وەفاییدا، نامەی ماستەر، کۆلیَذی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
- مستەفا، ئیدریس عەبدوڵا، ٢٠١١، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- م.نوری، ١٩٢٦، ئەدەبیاتی کوردی، ژمارە ٢٨، ڕۆژنامەی ژیان.
- میرزا تۆفیق، ئاڤان عەلی، ٢٠١٢، چنینی دەق لەشیعرەکانی نالیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
- هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپخانەی تاران، بڵاوکردنەوەی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

**عەرەبی:**

- احمد، احمد جمال الدين، ٢٠٢٠، القافية فى قصيدة فتاة الجبل الأسود، لخليل مطران، العدد الرابع والعشرون، مجلة جامعة أم القرى، السعودية.
- نصار، نواف، ٢٠١١، معجم المصطلحات الأدبية عربى-انجليزى، دار المعتز للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

**فارسی:**

- خانلری، پرویز ناتل، ١٣٨٦، وزن شعر فارسی، انتشارات توس، تهران.
- طاوسی، سهراب، ١٣٩٣، ایا شعر ما سپید است، شماره ٢٠، فصلنامه تخصصی تفسیر و تحلیل متون زبان و ادبیات فارسی، دانشگاه ازاد اسلامی، واحد کرج، ایران.
- كدكنى، محمد رضا شفيعي ، 1385، موسيقى شعر، ضاث نهم، انتشارات اطاه، تهران.
- همایی، جلال الدین، ١٣٨٩، فنون بلاغت و صناعات ادبی، چاپ مهارت، ناشر اهورا، تهران.

**ئینگلیزی:**

- Abed, Amel Kadhum, 2020, parallelism in wordsworths selected short poems, العدد ٤١، مجلة كلية التربية، جامعة واسط.
- Abrams, M.H., Harfam, Geoffery Galt, 2009, a glossary of literary terms, ninth edition,wordsworth cengage learning.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Rhyming in Kurdish modern poems (1970- 1990)

**First author: Zanyar Salih Ali**
Department kurdish, College of education, University of garmian , City Kalar, Country Iraq-kurdistan
Email: zanyar.salih@garmian.edu.krd

**Co-Author(s): Osman Hamad Khidir Dashty**
Department kurdish, College of education, University of koya , City Koya, Country Iraq-kurdistan
Email: Osman.hamad@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Rhyme, Stanza, Modern poetry, Parallelism, Rhetoric.*

## Abstract

In the majority of studies on poetic melody and music; rhyme and rhythm are seen as the two main factors in the musicality of a poetic texts as a whole and of the lines in particular. They are regarded as the foundations of poetry's external music. The researcher will focus on them separately in this study while also keeping an eye on the emerging modern poetic styles. The reason for this is that rhythm is not as prevalent as it once was during the classical and contemporary eras. In this period, rhythm is considered an independent unit of rhyme rather than an appendix to rhyme, since the system of poetic meter and forms of this period is completely different from the poetry of previous periods of Kurdish literature. The present dissertation is a response to some of the readers and critics of this era who hold the opinion that contemporary poetry lacks rhythm and, at the same time, shows the methods of contemporary poetry.

---

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(٥)، زستان ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# القافية فى الشعر المعاصر الكوردى (١٩٧٠- ١٩٩٠)

## ملخص:

في معظم الابحاث والدراسات حول الالحان والموسيقى الشعرية، نأخذ موضوع القافية والذي له دور فعال في تلحين البيت بشكل خاص والنص الشعري بشكل عام، وذلك بدمجه مع موضوع الوزن، باعتبارهما المؤلفان الخارجيين للشعر، سنتطرق لهما في هذا البحث كموضوعين منفصلين عن بعض، آخذين بنظر الاعتبار الشكل الجديد للشعر المعاصر، وذلك لان القافية من حيث الاستخدام ليس لها رواجها السابق في هذه المرحلة، ولم تستخدم في الشكل الشعري في مرحلة الكلاسيك والحداثة، كما ان القافية في هذه المرحلة لاتعامل معاملة التابع او الملحق للوزن، وانما دخلت المجال كوحدة منفصلة عن موضوع الوزن، نظرا لان نظم الاطار والشكل الشعري لهذه المرحلة تختلف كليا عن شعر المراحل الادبية السابقة، والهدف الرئيسي لهذا البحث، هو إن هناك بعض النقاد وقراء النص الشعري يعتقدون بان الشعر المعاصر لاتوجد فيه قافية، وان نتائج البحث تكون بمثابة إجابة لهذه الآراء، فضلا عن إظهار وتوضيح انماط القافية الشعرية المعاصرة.